**ئاوڕدانەوەیەک لە:**

# کێشەی ژۆرنالیزم




**هیوا محەمەد**

نامیلکەی «کێشەی ژۆرنالیزم» لە نوسینی «وەلید عومەر»، چاپکراوی ڕێکخراوی ئازادبوون ٢٠٢١ـە. ئەم بەرهەمە پڕ بە بارتەقای کێشە هەنووکەییەکانی سەردەمەکە نوسراوە، لەبەرئەوە پێویستە هەموو خوێنەرێکی جدی بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی کێشەکانی ئەمڕۆمان لەگەڵیدا دەرگیر بێت و بیخوێنێتەوە، هەڵبەتە بەکێشەکردن(Problematization)ـی ژۆرنالیزم هەر لە سەدەی بیستەمەوە لای بیریارە گەورەکان دەبینرێتەوە: کردنی بە کێشە، واتە بینینی تێماکانی پشتەوەی ژۆرنالیزم و جەوهەرەکەی، لە لۆکاڵ و گڵۆباڵدا. ڕەنگە لە دونیای ئەدەبیشدا (هینریش بۆڵ و سارتەر) یەکەمین کەسانێک بن کە لەڕێگەی ئەدەبەوە ڕەخنەی ژۆرنالیزمیان کردبێت.

وەک نوسەر پێیوایە: «ڕەنگە ژۆرنالیزم ناوێک بێت بۆ جێگرەوەی فیکر، ئیستاتیکا، حەقیقەت، ئەپستمۆلۆیا و یۆتۆپیا و بژێوی و هتد. ئیدی دونیاش گوندێکی چکۆلە بێت یان نا، ئەوا ژۆرنالیزم هەر هەوڵدەدات دونیا وەک کۆگای ڕووداوە بێشورمارەکان وەربگرێت»[1]، واتە لە دوای مۆدێرنەوە ژۆرنالیزم کایەیەکە دەیەوێت کۆی کایە فیکری و ئەدەبییەکان لوشبدات و خۆی وەک تاکە سەرچاوەی ڕەهای هەقیقەت و تیۆری مەعریفە و زانین بخاتەڕوو. کە ئەوەش لە هەمان کاتدا بە واتای ڕووکەشکردنەوەی کۆی کایەکانیش دێت لە نێو خۆیدا، بەتایبەتی سەتحیکردنەوەی فیکر و کێشەی سوبێکت و ئۆبێکت و هتد.

هەڵبەتە لە جیهانێکی وەهادا، کە میدیایەکی زاڵم و ئاراستەکراو حوکمیدەکات، ئەوا ئەو توانایە لە مرۆڤ دەسەنرێتەوە خۆی وێنەی خۆی بە پێی هەڵبژاردنەکانی خۆی درووستبکات[2]، چونکە میدیایەکی لەم شێوەیە، میدیایەکە سیستمەکە سەپاندوویەتی، هەر وەک "ڕیناتا سالیکڵ" ڕایوایە ئەمڕۆ ئێمە لە سیستەمێکدا دەژین، کە ئازادیی هەڵبژاردن تێیدا بژاردەیەکە لە جێگەیەکی دیکەوە ناڕاستەوخۆ ئاراستەدەکرێت، هەروەها ڕەخنە لەو وەهمەش دەگرێت کە مرۆڤی ئەمڕۆ پێیوایە دەسەڵاتی بەسەر ژیانی خۆیدا هەیە[3].

هەروەها بەگشتی لە ڕوانگەی نوسەری بەرهەمەکە، و بیریارانی سەدەی بیستیشەوە، میدیا هیچ کات جێگایەکی بێگوناهــ نەبووە، لە "گرامشی"یەوە، کە میدیا بە کەرەستەی هەیمەنەی چینایەتی دەزانێت تا ئەو ڕۆڵەی، کە لە "مرۆڤی تاک ڕەهەند"دا لای مارکۆزە دەیبینێت، لەبەردەم ڕەخنەیەکی قووڵدان کە ڕۆژنامەگەری و میدیا مۆێردنەکان دەکاتە ئامانج[4]. هەڵبەتە مارکۆزە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا پێیوایە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین سیستمە ڕۆژئاواییەکە مرۆڤی تاکڕەهەندی بەرهەمهێناوە، کە سەرمایەداری لە نیگای مارکۆزەوە بریتییە

[1]-وەلید عومەر، کێشەی ژۆرنالیزم،چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2021، ل9
[2]-بەختیار عەلی، ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس،چاپخانەی ئەندێشە، سلێمامی ، 2014،ل158
[3]-بڕوانە : چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕیتانا سالیکی، و:هاوار محمەد، نۆماد
[4]-بەختیار عەلی، سەرچاوەی پێشوو،ل154

لە پێشکەوتنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا، مرۆڤی تاکڕەهەندیش خۆی کەسێکی ملکەچکراوە بە تۆتالیتێریزمی کۆمەڵگەی تەکنیکی  و بەدەزگاییبوونی سوبێکتەکان لەژێر زەبر و ڕەحمی تەکنەلۆژیادا، کە عەقڵانیەتی ئامرازی و تەکنەلۆژیای بەسەر کۆی جۆرەکانی تری عەقڵانیەتدا زاڵکردووە. هەروەها تەواوی دەزگاو ئەپاراتۆسەکانی وەکو ناوەندی ئاسایش و پۆلیس و پەروەردە و ناوەندەکانی ئەکادیمیا و میدیاییەکانیش لە خزمەتی سەرمایەداریدان[1].

ئەم دیدەش دەمانباتەوە بۆ تێزە فۆکۆییەکە: دەسەڵات لە هەموو پنتێکەوە هەڵدەقووڵێت. دیارە مارکۆزە پێیوایە میدیا دەزگایەکە کاری شۆردنەوەی مێشکەکان و درووستکردنی سوبێکتە ملکەچەکانە، گەر لەم تێزەوە بۆ دۆخی کورد بڕوانین، دەشێت ئیمە ژێرخانی ئابوری و تەکنیک و تەکنەلۆژیامان وەک ئامرازی کۆنترۆڵکردن لاوازتر بێت بەراورد بە ڕۆژئاوا، کە بەشێکی زۆری ژێرخانمان زیاتر کەلتور و ئاین و نەریتە، هەر بۆیە زیاتر لێرە میدیا پشکی شێری لە درووستکردنی مرۆڤی تاکڕەهەندا بەرکەوتووە.

دیارە کەپیتالیزم ناتوانێت بەبێ شێواندنی خواستە سرووشتییەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی میدیاوە بژی. لە ڕۆژئاوادا ڕووداوی گەورە ئەوەیە، کە میدیا باسی دەکات، تەنانەت گەر مردنی پشیلەیەکیش بێت، هەر ڕووداوێکیش میدیا باسی نەکات، ئەوا لە زەین و خەیاڵی ئەم مرۆڤەدا نرخێکی نییە، تەنانەت گەر مردنی سەدان مرۆڤیش بێت[2]. لێرەوە شەڕی ئەهلی نێوخۆی گۆنگۆ و ڕەواندا بهێننەوە بیری خۆتان، لە ساڵی 1996 دا، کە نزیکەی(500) هەزار خەڵکی مەدەنی بێ دیفاعی (هۆتۆ) لە لایەن ڕەوانداوە بوونە قوربانی شەڕی کەپیتالیزم و نەژادپەرستی لەو وڵاتە، کەچی لە هەمان کاتدا هەندێک لە ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان باسیان لە خنکانی چەند دۆڵفینێک دەکرد لە باشوری زەریای هیندیدا.

ئەمە جگە لەوەی فەزای ژۆرنالیستی سوبێکتی پەرش و پەشێوی درووستکردووە، کە بیرەوەرییەکی بەهێز و دامەزراوی نیە، دیارە ڕەهەندی **خێرایی** وەک تایبەتمەندییەکی میدیایی و ڕۆژگار، ڕۆڵی لە بونیادی ئەم جۆرە سوبێکتەدا هەیە، وەک نوسەر ئاماژە دەدا: عەقڵی ژورنالیستی سوبێکتێک درووستدەکات، بە پێچەوانەی بەردەوامیبوونەکەوە پچڕپچڕ و کەم بیرەوەرییە، چونکە بەردەوامبوونەکە کەڵەکردنێکی تۆکمە نیە، خەونی تازەبوونەوەی بەردەوامیش وادەکات مرۆڤ زاکیرەی کورت درووستبکات و شتەکانی میدیا وەرگرێت و زوویش بیری بچێتەوە....[3].

---

[1]-هیربێرت مارکۆزە، مرۆڤی تاکڕەهەند،و: ناجی ئەفراسیاو، کازان عەزیز،سلێمانی، 2020،ل12، 20
[2]-2-بەختیار عەلی، سەرچاوەی پێشوو،ل159
[3]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل53

هەڵبەتە بەشێکی زۆری ژۆرنالیستەکان لە دونیادا دەرچووی ناوەندە ئەکادیمییەکانن، دیارە پەروەردە و فێرکردن کافی نیە بۆ ئەوەی خەڵک فێر بکات بخوێننەوە، تاوەکو لەو هەژارییە ڕۆحییە ڕزگاریان بێت، وەک (ت. س. ئیلیوت) گوتی: کە پەروەردە و خوێندن لە بوارێکی دیاریکرا و بەرتەسکدا بێت، ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنێت[1]. وەک دەوترێت جەهلی فیکری و مەعریفیش کاتێک دەبێتە شتێکی ترسناک، کە جەهلی سیاسی و ئەکادیمی ببێتە هێز و پاڵپشتی[2]. هەر وەک ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی "کریس هیدگیز" پێیوایە: ئەکادیمییەکان بەرپرسن لە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان[3]، زیاتر لەوەش ژۆرنالیزم هەر بەوەی بونیادی سیستمەکە وەک خۆی دەهێڵێتەوە، بەرپرسی یەکەمە لە کۆی نەخۆشییە سیاسی و ئابوورییەکانی دونیای ئێمە، کە ئەم نەخۆشییانە هۆکاری سەرەکی نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکانیشن.

هەڵبەتە ڕۆژنامەگەری ئەمرۆ هەم سەرچاوەیەکی گەورەی نەزانینە بۆ عەوامی خەڵکی، هەمیش لە جەهیلی خۆیاندا ئەیانهێڵێتەوە، وەک (نعوٚم چۆمسکی) لە ڕوانگەی ڕۆڵ و کارکردی میدیاوە لە تێزێکدا پێیوایە: زۆرینەی خەڵکی نازانن چی ڕوودەدات، تەنانەت ئەوەش نازانن، کە ئەوان نازانن! دیارە ئەمە نەزانینێکی سوکراتیانەی پۆزەتیڤ نیە، کە هەر چەند بزانن، خۆیان پێ نەزان بێت، لە تینوێتییانەوە بۆ مەعریفە و ڕووداو بە مانا فیکرییەکەی. وەک لە نامیلکەکەدا هاتووە: **نەزانین، کە بەشێکە لە خاکەڕایی و ئاکاری دێرینی مێژووی فەلسەفە لە ژورنالیزمدا کۆتاییدێت. میدیاکان بێشەرمانە خۆیان وەک ڕکابەری یەکەم و متمانەپێکراو پێشکەشدەکەن، و گەورەترین گرفت و قەیرانی ژۆرنالیستەکان ئەوەیە نازانن چی نازانن**[4].

دیارە گەر جۆرێک لە سادەیی لە نێو کایەی ڕۆژنامەگەریدا بنوێنرێت، سادەییەکە خۆی ئامانج نیە وەک جۆرێک لە خاکەڕایی و دۆخی سروشتی مرۆیی، بەڵکو ئامرازێکە بە خاتری کەسبی جەماوەری و سەلماندنی پرۆفیشناڵانەی کاری ژۆرنالیزم، وەک (ئەدۆرنۆ)ش پێیواییە هەندێ جار سادەیی فاشیزم دروستدەکات! بەتایبەت ئەم ژێستەی خاکەڕایی زیاتر لای سیاسییەکان بۆتە جۆرێک لە پیشەسازی بۆ سەرکەوتن و خۆڵکردنە چاوی عەوام لە دونیای سیاسی لیبرالیزمدا.

هەروەها نوسەر قەرز لە (مەک لۆهان) دەکات، کە لە کاری ژورنالیزمدا میدیۆم خۆی دەبێتە پەیامەکە، میدیۆم لەم تێزەدا بە سادەیی واتە فۆرم، واتە ئامرازەکە. کە مەبەستی ئەوەیە فۆرمەکە لە ناوەڕۆکەکەی گرنگترە، ئامرازەکە لە پەیامەکە زاڵترە، مەک لۆهان پێیوایە ئەوە سروشتی میدیۆمەکەیە، کە جۆری پەیامەکە دیاری

---

[1]-ألان دونو، نظام التفاهة، دار سؤال للنشر، بيروت،2020،ط1،ص48

[2]- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێکی بەختیار عەلی، لە کتێبی: وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012.

[3]-ألان دونو، مرجع سابق،ص78

[4]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل9-10

ئەکات و لە قاڵبی ئەدات[1]. بە مانایەکی تر واتە ئەوەی زیاتر لای ژۆرنالیزم ئیبراز ئەکرێت، تەنها فۆرمە و جەوهەر پەڕاوێز ئەخرێت، فۆرم دەبێتە جەوهەری ژورنالیزم.

چونکە ئەوەی میدیا دەیگەیەنێت تەنها کلێشەکانی خۆیەتی بۆ خنکانی زمانی فیکر و فەلسەفە، ڕەنگە پەیامی میدیا زەرفێکی بەتاڵی نامە بێت، بەو مانایەی: ئەوەی بەردەوام دەنێردرێت تەنها زەرفی نامەکەیە، کە خۆی ناوەڕۆکی خۆی دروستدەکات، ئەمە پێچەوانەی نامەی نێو بتڵە شوشەییەکانە، کە دەردرێت بە دەم دەریا یان ڕووبارەکانەوە، تاوەکو کەسێک دەیگرێتەوە و دەریدەهێنێت، پەیامی میدیا بەگشتی تەنها بتڵەکەیە بە بۆشی دراوە بە دەم ڕووبارەکەوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێک بیگرێتەوە نامەیەکی تێئاخنێت، کە کەس بۆی ناخوێنرێتەوە. کەواتە ئەوە دووبارەبوونەوەی فۆرم خۆیەتی، ئەوە فۆرمە بەردەوام خۆی دووبارە ئەکاتەوە، بە بێ ئەوەی پێویستی بە جەوهەرێکی پێشهەبوو هەبێت[2].

هەروەها نوسەر پێیوایە: ئەمڕۆ تۆڕە مەجازییەکان ئەو میدیۆمەن، کە وەک تۆڕە دەمارییەکان کشاونەتە دەرێ و هەموو قوژبنێکی زەوی گرتۆتەوە، لە دۆخێکی وادا میدیۆم جگە لە خۆی هیچ ناگەیەنێت[3]. واتە ژۆرنالیزم لە یەکتربڕی فەزای مەجازدا وەک میدیۆم خۆی هەم وەک مەشین و وەک پەیام ئامانجکەیە و لەوە زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت و هیچ شتێکیش ناخاتە سەر هۆشیاریی فەزای گشتی.

وەک (ئالان دۆنۆ)ش پێیوایە ئەمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرکەوتنیان لەوەدا بە دەسهێناوە، کە خەڵکێکی پووچ دروست بکات و لە خەڵکێکی خاکی و بە ئەخلاقەوە لە بەدگۆڕانێکدا بیانگۆڕێتە سەر ئەستێرە و سۆپەرفاشیۆنی پووچگەرا[4]. هەروەها بەشێکی نامیلکەکە دەربارەی عەقڵی ژورنالیستییە، کە نوسەر پێیوایە: ئەمڕۆ ژورنالیزم و تەکنەلۆژیا لە کارکردنیادا تێهەڵکێشی یەکترن، بۆیە عەقڵانییەتی ژورنالیستی پتر لەژێر درکی تەکنەلۆژیادایە بۆ جیهان[5]. دیارە هەر لە هایدگەرە تا بۆدریار ئەوە خراوەتەڕوو، کە چۆن تەکنەلۆژیا ڕۆڵێکی نەرێنی لە بوونیاد و ستراکتۆری تاکدا دروستدەکات و ئیفلیجی ئەکات و ماهییەتی مرۆییانەیان دەسێنێتەوە، تەنانەت مرۆڤەکان ماهیەتی خۆیان لە ئامێرەکانەوە وەردەگرن.. بۆیە ژورنالیزمیش کاتێک لەگەڵ تەکنەلۆژیادا یەکتر دەبڕن، بەر ئەم ڕۆڵ و کارکردە نێگەتیڤەی تەکنەلۆژیا دەکەوێت و تەواو دەبێتە میدیۆم و زیاتر مەجازی ئەبێتەوە. واتە گەر جاران لە ڕۆژنامەگەریدا وشە و پیتەکان خۆیان میدیۆم بووبێتن، ئەوا ئەمڕۆ زیاتر قوتدانی وێنەو ڤیدیۆکان خۆیان میدیۆمن. پاسیڤی ئەم بە میدیۆمبوونە لەوێدایە، وەک نوسەر ئەڵێت:

[1]-هەمان سەرچاوە ،ل18
[2]-وەرگیراوە لە نامیلکەی ئەلکترۆنی: هاوار محەمەد: بۆ ئەوەی نەبین بە فاشیست،2019، ل45
[3]-سەرچاوەی پێشوو ،ل27
[4]-بە دەسکارییەوە وەرگیرازوە لە: ألان دونو، مرجع سابق،ص52
[5]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 27

بابەتەکانی ژۆرنالیستی بە لێشاو دەچنە نێو نیگای بینەرەوە و توانستی جیاکرنەوە لە بینەر دەسێنێتەوە و دەیکەنە وەرگرێکی پاسیڤ[1].

لە دیدی نوسەردا: کاری ژۆرنالیستی بەردەوام لەژێر دروشمی: واقیع وەک خۆی ئەگەیەنین، کە میدیاکان دەیخەنەڕوو وونکردنی واقیعە، ڕەهەندێکی نادیار نوستووە، کە لەژێر دروشمەکەوە کار دەکات: واقیع ئەوە نیە کە میدیاکانی تر دەیڵێن، بەڵکو شتێکی دەقیقترە. خاڵی سەرجانڕاکێش لێرەدا ئەوەیە ئەو میدیایەی بانگەشەیەکی وەها بۆ خۆی دەکات، لەڕاستییدا پێچەوانەی ئەم درووشمەی مەبەستە و دەیەوێت بە ئاماژەیەکی نەستەکی و شاراوەوە بڵێت واقیع ئەوە نییە بتوانین وەک خۆی بیگەیەنین: واتە شتێک بۆ خەیاڵی بینەر و بیسەر دەهێڵرێتەوە کە لە واقیع و ڕیالیزمی ڕووت تێپەڕێت، ئەوەی بە ڕیالیزمی ڕووت دەمێنێتەوە دەکەوێتە ئەستۆی پراگماتیزم. پراگماتیزم تەواوکەری دیوە ڕیالیستەکەی ژۆرنالیزمەو باوەڕ دەخاتە پێش فاکتەکان و پێیوایە واقیع بەرئەنجامی لێکدانەوەی هەمەجۆریشە[2].

هەڵبەتە ئەم دیدە دەمانباتەوە بۆ تیزەکەی (بۆدریار) دەربارەی واقیع، کە ئەو ناویناوە سیمولەیشن، دۆخێکە کاتێک واقیع خۆی وەک ئەسڵ و ئۆرجیناڵ لە نێو کۆپیی زۆروزەوەندی خۆیدا وندەبێت، لێرەوە بۆدریار باسی کەناڵێکی تی ڤی ئەمریکی ئەکات بە نێوی (واقیع) کەوا کەناڵەکە ژیانی ڕاستەقینەی خێزانەکان پەخش دەکات، بەڵام ڕێک لەوێدا، کە ئەم ژیانە واقیعیە پیشان دەداتەوە، ئەوا دەیگۆڕێت بۆ ژیانێکی نەختێک واقعیتر لەوەی کە هەیە، ئەندامانی خێزانەکە بۆ ئەوەی لەبەردەم کامێراکەدا بە واقیعی هەڵسوکەوت بکەن، دەبێت لەوە واقعیتر هەڵسوکەوت بکەن، کە لە واقیعدا هەن[3].

هەڵبەتە چەمکی پراگماتیزم چەمکێکە هەڵە بە ئێمە گەیشتووە، لەوێدا، کە تەنها وەک چەمکێکی ئابوری مامەڵەی لەتەک کراوە، وەک جۆرێک لە سودگەرایی لە ئابوریی لیبراڵیزمدا، گەرنا بەر لە هەر شتێک مانای ئەوەیە شتەکان جەوهەری جێگیرو نەگۆڕییان نییە، هەر جارە و دەشێت مانا و ڕۆڵی جیاوازیان هەبێت، کەرەستەکان هەمیشە هەمان کەرەستە نین، بەڵکو لە کۆنتێکستەکان و بە گوێرەی هەلومەرجەکان و بە پێی ئامادەبوونی کەرەستەی دیکە و مەبەست و ئامانجی دیکە، وەزیفە و ڕۆڵ و بەکارهێنان و مانای کردەییان دەگۆڕێت[4]. "ژیل دۆڵۆز" یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی، کە ئەم چەمکەی زۆر بە کارهێناوە لە چەند سیاقێکدا. لێرەوە میدیا و عەقڵی ژۆرنالیستی کەلێنێک یان ئیمکانێک بۆ داهاتوو دەهێڵێتەوە، تاوەکو خەیاڵ و دونیابینیی

---

[1]-هەمان سەرچاوە،ل 90

[2]-هەمان سەرچاوە،ل 38-39

[3]- هاوار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل31-32

[4]-ژیل :دۆلۆز، کلیر پارنیت، گفتووگۆکان،و: هاوار محەمەد،ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی،2020،ل343

تاکەکان داگیربکات و لە تخوبی شرۆڤەکاری خۆیدا گەمارۆیان بدات. ئەمە جگە لەوەی هیشتنەوەی ئەم ئیمکانە بۆ تەفسیر لە هەمان کاتدا ڕێژەیکردنەوەی هەقیقەتە و زیاتر بەلای سەفسەتەدا دەشکێتەوە، وەک دەبینین کە لە یەک کاتدا ژۆرنالیزم ڕیاکارانە خۆی بە تاکە خاوەنی هەقیقەت و تەفسیرەکان ئەزانێت و هەم بەم فرەیی و ئیمکانە زۆرەی تەفسرو شرۆڤەکارییەوە هەقیقەت ناکۆنکرێتی و سەتحی ئەکاتەوە، لێرەشدایە کاری میدیایی و ڕۆشنبیری دەکەونە ئەنتاگۆنیزمی بەردەوامەوە دەربارەی هەقیقەت و فیکر بە گشتی. باشلار دەیگوت: هەمیشە خەیاڵ لە داهاتوودایە، عەقڵی ژورنالیستیش لەسەر نەزمی خەیالکردن کار دەکات. هەر وەک چۆن لای "ئاڵتۆسێر" ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی خەیاڵییە بەو پەیوەندییانەوە، کە لە واقیعدا هەیە، لێرەوە کاتێک ژۆرنالیزم دەیەوێت کۆنترۆڵی خەیاڵ بکات، لە ڕاستیدا دەیەوێت کۆنترۆڵی واقعیش بکات.

هەر وەک چۆن نوسەریش پێیوایە: بە پێی نەریتی تیۆری ڕەخنەیی ژۆرنالیزم ڕۆڵی ئایدۆلۆژیی هەیە، لە جێیەکدا دەبێتە ڕاگر و لایەنگیری واقیعێک، کە لە ڕواڵەتدا دەرناکەوێت. ئەمە بەو مانایەش نا، کە لایەنگری لە هەواڵی درۆ بکات، بەڵکو بەو مانایەی، کە پێشوەخت هەڵژەنراوە لە (واقیع)ێک، کە لە خزمەتی چینی باڵادەستدایە[1]. وەک ئالان دۆنۆ پێیوایە بە شێوازێکیش هەواڵ و ڕووداوەکان دادەڕێژرێت، کە لەگەڵ بەرژەوەوەندی خاوەنەکەی و ئاراستە و ئایدۆلۆژییە سیاسی و ئابوورییەکەیدا بگونجێت[2]. دیارە بە هەمان شێوە مانەوەی دۆخی باوی چینایەتیش خزمەت بە نوخبەی پێشەگەری ژۆرنالیزم ئەکات و تابع و مەتبوعی یەکترن و یەکتریش تەواو ئەکەن. هەر لە خۆڕاش نیە کە ڕاگەیاندن بە (دەسەڵاتی چوارەم)ی سیستەمەکە خۆی ناوزەد کراوە.

هەڵبەتە مەبەستی نوسەر لەوەش کەم ناکاتەوە، کە میدیاکان بەردەوام دەبنە میمبەری شێواندن، شوێنی بە هەڵەدابردنی ڕای گشتی، درۆکردن، زامدارکردنی ناهەقی ئینسانەکان و شاردنەوەی ڕاستییەکان، بەجۆرێک خەریکە وای لێبێت کاری میدیایی ببێتە هەرێمی تێکشکاندنی مرۆڤ و بەهاکان. میدیا دەتوانێت هەموومان بخاتە نێو جیهانێکی ناڕاستەوە، بمانخاتە نێو قەفەزی خۆیەوە، دەمووچاوێکمان بۆ درووست بکات کە نامانەوێت، شوناسێکمان پێبدات، کە ئەو درووستیکردووە[3].

نوسەر پێیوایە: عەقڵی ژورنالیستی عەقڵێکە لەسەر هۆکاری خێرا و ڕۆژانەیی دەگیرسێتەوە، عەقڵێکە نرخی گەورە لەسەر فاکت و ڕاستییە تێپەڕەکان دادەنێت و وەک یەکەمین و دواهەمین ڕاستی مامەڵەیان لەتەک دەکات..... هەروەها عەقڵی ژورنالیستی هاوشان بە خێرایی دەڕواتە پیشێ، خێرایش ئەو دووژمنەیە، کە بەر لە

---

[1]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 43-44

[2]- ألان دونو، مرجع سابق،ص.ص28،48

[3]-بەختیار عەلی، ئاورەکەی ئۆرفیۆس،ل149،161.

هەموو شتێک فیکر و تیۆر وێراندەکات، فیکر دەتوانێت قسەی بۆ هەموو ڕووداوێکی خێرا هەبێت، بەڵام لە تێمادا کۆمەڵێک چەمک و میکانیزمی هێواش هەن، کە بە ئەزموونی فیکر خۆی و تێپەڕینی زەمەن درەوستبوون[1]. هەڵبەتە سروشتی ئەم جۆرە لە هەڵپە و خێرایی ژورنالیزم لەگەڵ عەقڵی ڕۆشنبیر و فەیلەسوفاندا تەواو ناتەبا و دژە، چونکە ژۆرنالیست زیاتر بەش ــ ـجوزئیات دەکاتە کەرەستە و بابەتی لێکۆلینەوەی خۆی، ئەمە لە کاتێکدا فیکر لە **گشت**ەوە بۆ **بەش** دەڕوات و کاتێکیش بەش بۆ سەرنجدان و تێڕامان وەردەگرێت ئامانجەکەی لە تێمادا هەر شەن و کەوکردن و تێگەیشتنە لە گشت خۆی. وەک (فرەنسیس بیکۆن) ئەیگوت فەیلەسوفان ــ ڕۆشنبیران شیلەی گوڵان دەمژن تاوەکو هەنگوینمان بۆ درووست بکەن.

وەک نوسەر لە شوێنێکی تردا ئاماژە دەدات: ڕوونە ئەمە بەرهەمهێنانەوەی هەتاهەتایی بوونیادێکە، کە هەیە و وەرگرتنی بەش(جزء)ــە لەجیاتیی گشت(کل) ئەوەی لەم نێوەندەدا دەمێنێتەوە ئیشی ڕۆشنبیرە، چونکە ڕۆشنبیر تەنها خۆی بە هەڵدانەوەی فایلەکانەوە سەرقاڵ ناکات، خۆیی بە دەرخستنی گەندەڵییەوە سەرقاڵ ناکات، بەڵکو ئەو بونیادە دەڕووشێنێت و دەخاتەدەر، کە کۆی گەندەڵییەکانی لەسەر وەستاوە[2].

هەروەها ژۆرنالیزم گەر ڕووداو نەبوو دەبێت درووستیان بکات! گەر شتی گەرماوگەرم نەبوو، لەسەریەتی لە هیچەوە بیخولقێنێت[3]. ئەمەش سەریکێشاوە بۆ ئەوەی ژۆرنالیزم وەک جۆرێک لە دووبارەبوونەوە و خۆبەرهێنانەوە ئیش بکات، وەک نوسەر دەنوسێت: گرنگ نییە چی دەسەلمێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە شتێک/نەزانراوێک بسەلمێنێت[4]. ئەمە واتای ئەوەشە ژۆرنالیزم جگە لەوەی بۆتە ماشێنی بەرهەمهێنانەوەی دۆخی باڵادەست، لەپاڵ ئەپاراتۆسەکانی وەک ناوەندی پۆلیس و ئاسایش و ناوەندەکانی پەروەردە و ئەکادیمیا ئیشی بەرهەم هێناوەی دونیایە، هەڵبەتە دونیایەک وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی دەبێت ببێت. هەر لێرەوە نوسەر دەڵێت: ئەم ژۆرنالیزمەی ئەمڕۆ کۆی ئەم دونیایەش لە هەموو چرکەیەکدا بەرهەمدەهێنێتەوە، کە هەیە، زۆرترین هەواڵ لەسەر جیهانێکی ئامادە، بە مانای بەرهەمهاتنەوە و جێگربوونەوەی هەمان دونیای ئامادەشە[5].

دیارە بەردەوامی قسەرکردن و ژێستی مەسرەفکردنی زمان ئەمڕۆ یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی عەوامیش، هەر وەک چۆن ئەمڕۆ بەرخۆری و مەسرەفگەری بۆتە مۆدێلی ژیانکردن لە نێو دۆخی باڵادەستی

---

[1]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 39-40

[2]-هەمان سەرچاوە،ل 132

[3]-بەختیار عەلی، ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس،ل156.

[4]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 42

[5]-هەمان سەرچاوە،ل 42-43

سەرمایەداریدا، بە هەمان برِو ئەندازەش مەسرەفکردنی زمانیش بۆتە جۆرێک لە ستیلی ژیان لە فەزای مەجازدا، بۆیە دەبینین لە نێو فەزای مەجاز و ئینتەرنێتدا عەوام هەمان کۆپی عەقڵی ژۆرنالیزمە و بەردەوام هەر دەبێت قسەیەکی لەسەر هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژ هەبێت. وەک نوسەر لە شوێنێکدا ئەڵێت: لە پاڵ پەرەسەندنی ژۆرنالیزمی تەلەفزیۆنیدا ئەمرۆ ژۆرنالیزم وەک مەشینێک هەر لەوەدا نەوەستاوە، کە زانیاریمان لەسەر سیاسەت و دونیا پێ بدات و ئیشی نوخبەیەکی پێشەیی بێت، بەڵکو پاش یەکتربرِینی ژۆرنالیزم و فەزای مەجاز، ئەم ماشێنە داوامان لێدەکات نەک هەر بینەر بین، بەڵکو هەر یەکەمان بۆ خۆمان ژۆرنالیستێکیش بین[1].

لێرەوەیە هایدگەر پێیوایە زۆربڵێی(یان چەنەبازی) زمان لەکاردەخات و تووشی سوان و داخورانی دەکات، لە کارخستن واتە زمان ئیشدەکات بێ ئەوەی شتێک بڵێت، هەڵبەتە توانای خۆگرتنەوە لە مەسرەفکردنی زمان ئەکتێکی ڕادیکاڵە، بەڵام نەک بۆ خۆدابرِان لە جیهانی دەرەوە و فەرامۆشکردنی دۆخی باو وەک کردەیەکی سۆفیانە، بەڵکو وەک نەفەسێک بۆ بەرجەستەکردنەوەی پەیوەندیی ناکۆک و ناسازگار لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. نوسەری باش زمان مەسرەفناکات، نایگۆرِێت بۆ کلێشە و سرودی حیزب[2]. وەک (جۆرجیۆ ئاگامبێن)یش پێیوایە زۆر جار نەکردنیش ئەکتە و ڕادیکاڵ دەکەوێتەوە، واتە بۆ ئەوەی سوبێکت وزە و پۆتێنشیەڵی نوستووی خۆی بپارێزێت، نەکردنیش دەبێتە ژێستی هەرەڕادیکاڵ[3].

ژۆرنالیزم هەمیشە دەیەوێت ڕۆڵی ئارەزووی ئەوتری گەورە بگێرِێت، تاوەکو ئارەزوو و نوقسانی عەوامیش پرِبکاتەوە، بۆیە هاوشوناس بوون لەگەڵ ئەوتری گەورەدا یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی ژۆرنالیزم، هەڵبەتە ئەم تایەتمەندیە بنەمای تایبەتمەندییەکی ترە، ئەویش تایبەتمەندیی دووبارەبوونەوەی هەمیشەیی پیشەی ژۆرنالیزمە، لێرەوە نوسەر پێیوایە: ژۆرنالیزم چەشنی فەلسەفە هیچ ئەنتاگۆنیزمێک لە نێوان خۆی و خەڵکیدا ناهێڵێتەوە، هەردەم خۆیشی لە بەکارهێنانی چەمکگەلی وەک عەوام ـ مێگەل و ڕەشەخەڵک ئەپارێزێت. بۆیە کایەکە کایەکی فۆرمالیستە و گرنگی بە ناوەڕۆک نادات، کە بەردەنگیەتی[4].

هەروەها بەشێکی تری نامیلکەکە دەرباری ژۆرنالیزمە وەک نەخۆشدی حەقیقەت، کە پرسی حەقیقەتی لە پرسێکی فەلسەفیی شۆکئامێزەوە گۆرِیوە بۆ حەقیقەتی سەرپێی کرچوکاڵی نێو ڕووداوی ڕۆژگەرا، بۆ پرسێکی فۆرماڵ و ڕواڵەتزەدە، نوسەر دەڵێت: کاتێک ژۆرنالیزم حەقیقەت بۆ فاکت کورتدەکاتەوە، ئیدی حەقیقەت لە

---

[1]-هەمان سەرچاوە،ل 147

[2]- هاوار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل47-48

[3]- خوێنەر بۆ ئاگاداربوون لەم تێزەی ئاگامبێن دەتوانێت بگەرِێتەوە بۆ ئەم ووتارە: جۆرجیۆ ئاگامبێن، دەربارەی ئەوەی دەتوانین نەیکەین،و:وەلید عومەر، نێگەتیڤ .

[4]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 51

شۆک و تراوما دەکەوێت[1]. دیارە ئەمە دەمانباتەوە بۆ تێزەکەی کیرگەگارد، کاتێک پێیوابوو: لەبەر ژاوەژاو کەس گوێی لە دەنگی خودا نەماوە، بە مانایەکی تر واتە فەزای گشتیی حەقیقەتی وێران و ناکۆنکرێتی کردووەتەوە. هەڵبەتە لێردا خودا میتافۆرە بۆ حەقیقەت وەک ئیمکانێکی کاریگەر.

بۆیە نوسەر قەرز لە کیرگەگارد دەکات کاتێک پێیوایە: هاتنی (پەبلیک ـــفەزای گشتی) پێش هەموو شتێک رێگرە لەوەی چیتر مەسحییەت وەک دینێکی حەقیقی بمێنێتەوە..[2]. هەڵبەتە لە رۆژگاری کیرگەگاردا هێشتا فەزاکەش وەک ئەمرۆ تەواو مەجازی نەبووبوویەوە، هیچ نەبێت هێشتا وشە بەو کرچوکاڵییەی خۆیەوە لای ژۆرنالیست خۆی میدیۆمەکە بوو، گەر وەک ئێستا رۆژنامەی ئەلکترۆنی و فەزای سایبەرسپەیس و ئینتەرنێت سەنتەری ژۆرنالیزم بووایە، رەنگە دەرهەق بە هەڵمبوونی هەقیقەت لە فەزای گشتییدا تێزەکەی رادیکاڵتر و غەمبارتر بووایە، هەر وەکچۆن لە ئێستادا پرسی کات و شوێن و جیهان لەم فەزایەدا تەواو هاتۆتەوە یەک و تەنگ و ناکۆنکرێتی بۆتەوە و کاراییەکەی پێشووی سستبووە.

هەروەها بەشێکی تری نامیلکەکە دەربارەی دەروونی ژۆرنالیزمە، کە وەک هەموو شتزانێک ژێست دەنوێننەوە، وەک جۆرێک لە ئەویتری گەورە یان کۆمپیوتەری گەورەی (ئالگۆریتزم)ی هەموو شتزان، کە عیلمی دەربارەی هەموو شتێک هەیە، وەک جۆرێک لە ماهییەتی خودایانە. ئەو دەنوسێت: ژۆرنالیزم بۆ ئەوەی زیاتر رواڵەتی خۆی راگرێت، ئەوا پتر خۆی وا دەرئەخات، بە پلەی یەکەم ئاگای لە رووداوە (گەورە و گرنگ)ــەکانە....بۆ نموونە دەربڕینەگەلیکی وەک (سەرچاوەیەک راگەیاند)، (سەرچاوەیەک نەیهێشت ناوی ئاشکرا بکرێت) لەڕاستییدا ئەم سەرچاوەیە لە بنەڕەتدا شتێکی ئیمپریکی و ئەزموونی نیە، کاراکتەرێکی واقیعی نیە، بەڵکو "ئەویتری گەورەی ژۆرنالیزم" خۆیەتی، ئەو تخوب و سنوورە گریمانکراوانەی ژۆرنالیزم خۆیەتی، کە دەبێت بە نادیاری بمێنێتەوە و نەناسرێت، تاوەکو یارییەکانی ژۆرنالیزم بەردەوام بێت[3].

هەڵبەتە ئەمە دەشمانباتەوە بۆ پرسی دووبارەبوونەوەی هەمیشەیی میدیایی، دووبارەبوونەوە خاسیەتێکی میکانیکی دیاری میدیاییە، دیارە نەک بۆ چەسپاندنی جەوهەر و ناوڕۆکێکی ئەبستراکت وەک پێشتر لێی دواین، بەڵکو تەنها بۆ چەسپاندنی وجودی ژۆرنالیزم خۆی. هەر بۆیە میدیا هەمیشە پێویستی بە قسەکردنێکی زۆروزەوەوند و بەردەوام هەیە.

---

[1]-هەمان سەرچاوە،ل 58
[2]-هەمان سەرچاوە،ل 61
[3]-هەمان سەرچاوە،ل 84-86

بۆ نموونە لە کتێبی (بۆ ئەوەی نەبین بە فاشیست)دا هاتووە: تەلەفزیۆن بۆ ئەوەی هەبێت پێویستی بە سازدانی ڕووداوی ڕۆژانە و هەواڵی بەردەوام هەیە، ڕووداوای گەورە ڕوو بدات و ڕوو نەدات، لە تەلەفزیۆندا ڕووداوی گەورە و زۆروزەوەند هەیە، هەر ڕێک لێرەشدایە، کە ڕووداوی گەورەش وندەبێت[1]، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ تێزێکی بۆدریار کاتێک پێیوایە: تەنها ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن، کە لە کامێرا و تەلەفزیۆندا ڕوودەدەن! واتە زۆرجار واقعیعەکان و ڕووداوەکان میدیا لە نەبوونەوە خەلقیان دەکات، نەک لە واقیعدا ڕوویاندابێت. بەشێکی دیکەی نامیلکەکە دەربارەی پرسی قووڵییە لای ژۆرنالیزم، هەڵبەتە پێشر باسی ئەوەمان کرد، کە چۆن میدیا بە هۆی خێرایی و دووبارەبوونەوەوە سوبێکتێکی پەرش و بی بیرەوەری بەرهەم هێناوە، کە یادگەی لاوازە، بەڵام ئەمە لەوەش کەم ناکاتەوە کە هەمیشە ژۆرنالیزم خۆی قووڵ نیشانداوە لە شیکار و شەنوکەوی ڕووداو و شرۆڤەی هەواڵەکاندا، ئەمە لەکاتێکدا ڕۆژانە بە بارتەقای خێراییەکەی ڕووداو و هەواڵەکانیش دەبنە تۆزوغوبار لە میدیاکاندا بە هەوادا دەچن، بۆیە نوسەر قەرز لە پۆل ڤیریلێۆ دەکات کاتێک پێیوایە: خێرایی توندوتیژییە: نوسەر دەڵێت: کاتێک ژۆرنالیزم بە پێودانگی خێرایی خۆی ڕێکدەخات، ئەوا دەتوانین بڵێین توندوتیژی دەرهەق بە بیرکردنەوەی قووڵ ئەنجامدەدات[2]. هەڵبەت توندوتیژی لێرەدا وەک جۆرێک لە قاڵبدان و بەکڵێشەییکردنی بیرکردنەوە و قووڵی گەردان و پێناسدەکرێت.

هەر وەک لە کتێبی (نظام التفاهة)دا بە هەمان شێوە هاتووە: ژۆرنالیزم سرووشتی خێرایی هەیە، بە خێرایی هەواڵەکانیش لە ژێر چنگیدا دەبێتە هەڵم و چڕ دەبێتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە ژۆرنالیزم جیلێک بەرهەم بهێنێت وەک شاعیری ئیسپانی (پێدرۆ سالیتاس) ناوی نابوو (نەخوێنەوارە نوێیەکان) [3]. دیارە ئەم جۆرە لە نەخوێنەواری وەک بەرهەمی ژۆرنالیستی زۆر کوشندەترە لە نەخوێنەوارە سادە و خاکەڕاییاکەی جاران، کە زیاتر تەعبیری لە سادەیی و خاکیەتی دەکرد. هەروەک نوسەر لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ژۆرنالیزم نیگا تا ئەو جێیە ڕادەکێشێت، کە بە باشی ئۆبێکتەکان نەبینن...هەروەها کار لەسەر چۆنیەتیی گەیاندن دەکات، نەک چیەتی و دەسکاری گەیەنراوەکان[4].

هەروەها دوا بەشی نامیلکەکە دەربارەی ژۆرنالیزم و کۆمەڵگەی کوردییە، هەڵبەتە وەک دەبینین تاکی ئێمە ڕۆژانە وەک دەفرێک لێورێژ دەکرێت لە هەواڵ و ڕووداوی میدیایانە، بێ ئەوەی ببێتە هۆی خودئاگایی یان گۆڕانی بوونیاد و دونیابینی کەسیەتییان، ڕەنگە لە فۆرمدا واش بێتە پێش چاومان، کە زانینی ڕووداو و

[1]- هاوار محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل43
[2]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 98
[3]- ألان دونو، مرجع سابق،ص.ص28،48
[4]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 103،109

هەواڵەکان زامنی خودئاگایی و بەرخۆکەوتنە لای تاک، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە زانینی ڕووداوی ڕۆژانە هیچ بەردێک ناخاتە سەر بینای هوشیاری و خودئاگایی. وەک نوسەریش دەڵێت: ژۆرنالیست بە سروشتی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردییەوە نزیکە و زووتر قبوڵ ئەکرێت......... هەروەها تەلەفزیۆن، کە ماهیەتێکی عەوامانە و بێ سەرئێشەتری هەبوو، زوو هاتە نێو خەڵکەوە و حەڵکیش پتر بەر هەواڵ کەوت، هەواڵی تی ڤی هەم خوێنەری ناوێت هەم دەنگە، زووتر پێشوازی لێ کرا[1].

هەڵبەت پێشتر ئاماژەمان بەوە دا، کە چۆن میدیا و ژۆرنالیزم دۆخی مەنگی سیاسی و ئابووری وەک خۆی ئەهێلێتەوە، گەرچی لە فۆرمدا وەک ڕەخنەگرێکی سیستمەکەش دەرئەکەوێت، کە گوایە دەیەوێت دۆخی سیاسی بگۆڕێت و دادپەروەری سەرڕێگا بخات، بەڵام دواجار کۆی بوونیادەکە و دۆخی زاڵی دونیاش وەک خۆی ئەپارێزێت. لەم پێودانگەوە گەر ژۆرنالیزم دالگەرایی بێت، وەک چۆن زمان لای لاکان دالگەرایە، کە بریتیی لە ڕیزێک دال تا ئەوسەری، ڕەنگە تەلەفزیۆن و ڕۆڵ و پێگەکەی شا دالی نێۆ ژۆرنالیزم بێت، هەڵبەتە شادالێکیش نیە وەک شادالی نێو دالەکانی لاکان بتوانێت شتێکی جدیمان لەبری مەدلول پێ بڵێت، بەڵکو ناکۆتا دالە و شتێکی ئەوتۆمان پێ ناڵێت.

لێرەوەیە (ئالان دۆنۆ) پێیوایە، گەر لە ڕۆژگاری کۆندا ئاین و سیاسەت ـ کۆشک دروسکەری پادشاکان بووبێت، ئەوا ئەمڕۆ تەلەفزیۆن (لەگەڵ یەکتربڕی تەکنەلۆژیاو فەزای مەجازیدا) بە هاوپشتی ستۆدی و ئامێر و کەرەستەی میدیایی درووستکەری نوێی پادشاکانە! کە لە چاوپێکەوتنەکاندا پێشنیاری پادشایەتییان بۆ دەکەن و دەیانخەنە سەر کورسی (عەرش) لە بری (عەساکان) لاقیتەکان دەگرن بە دەستیانەوە و لە بری (مەدالیای شکۆ و ئازایەتی) مایکەکان لە یەخەیان دەچەقێنن و بینەریش شوێنی (ڕەعیەت) و شوێنکەوتوان ئەگرنەوە، پاشان لەوێدا دووبارە پرسی داواکارییە گشتییەکان لە هەمبەر دەستوور و دادپەروەری دەوروژێنن و پشتیوانەکانیان (سوپا) هان دەدەنەوە[2].

هەروەها (بەختیار عەلی) لە وتارێکدا پێیوایە زمانی میدیا کەرەستەیەکی کاریگەرە و هێزی شێواندن و ئاراستەکردن و ڕکێڤکردنی خەیاڵە لاوازەکانی زۆرترە، زمانێکە زووتر دەگات و زووتر بڵاو دەبێتەوە، لێرەوە توانای وێرانکاری و گەورەتری تێدایە. وەک چۆن ڕۆڵی میدیا و تەلەفزیۆن لە گەورەبوونی نازیزم و فاشیزمدا

[1]-هەمان سەرچاوە،ل 125،131

[2]- بە دەسکارییەوە وەگیراوە لە: ألان دونو، مرجع سابق،ص 51

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بوو[1]. هەر وەک چۆن پێشتریش یەکێک لە هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی جەنگی یەکەمی جیهانیش هەر پڕوپاگەندەی فاشیستی میدیایی بوو لە ئەوروپا.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش لە ئاستی تاکیشدا چەندین کەس بوونەتە قوربانی دەستی میدیا و ژۆرنالیزم. لێرەوە ڕۆماننووسی ئەڵمانی (پاتریک زۆسکیند) چیرۆکی قوربانییەکی ڕۆژنامەگەری ئەگێڕێتەوە، بە ناونیشانی (ئارەزوویەکی قووڵ) کە دەربارەی هونەرمەندێکی گەنجە، کە یەکەم پێشانگای هونەری خۆی دەکاتەوە، هەڵبەتە یەکێک لە ژۆرنالیستەکان لە ڕۆژنامەیەکدا ڕەخنەی دەکات بەوەی کە: (گەنجێکی بەهرەمەندە، بەڵام کێماسی و کەم و کورتییەکەی ئەوەیە قووڵ نیە) ئەوە بوو دواتر تەواوی ڕۆژنامەکانی تر بێ ئەوەی پێشانگاکەیان دیبێت، هەمان شت لەم ڕۆژنامەنووسە وەردەگرن و هەمان ڕەخنە وەک خۆی دووبارە ئەکەنەوە، تاوەکو وای لێ دێت هونەرمەندە گەنجەکە تووشی خەمۆکی دەبێت و دواجاریش خۆی دەکوژێت. پاشان بۆ ڕۆژی دواتر بابەتێک بە نێونیشانی : (ئەو گەنجەی کە قووڵ نەبوو خۆی کوشت) لە هەمان ڕۆژنامەدا بڵاو ئەکرێتەوە! واتە لێرەدا نوسەرێکی پووچی ژۆرنالیستی گەنجەی بە خۆکوشتن دا [2].

بۆیە بە ڕوونی دەبینین کە هەندێک جار ئەخلاقی ژۆرنالیست دەشێت لە ئەخلاقی جەلاد ترسناکتر بێت. ئەوەی بیەوێت گەمەی نوسین و ڕۆژنامەکاری ئاسان بگرێت، دوور نییە دواجار کاراکتەری لە کاراکتەری پیاوکوژێک نزیک بێتەوە. زۆرێکیش لە ژورنالیستەکان ئاگاداری ئەوە نین، کە میدیا چ جێیەکی ترسناکە و ژورنالیست گەر ئاگادار نەبێت چ جانەوەرێکی لێدەردەچێت[3].

لێرەوە سوتانی گەنجە ڕۆژهەڵاتییەکە لە سلێمانی بە دیار چاوی کامێراوە یهێننەوە یادی خۆتان، وەک ئەوەی ژۆرنالیستەکان چاوەڕێی ڕووداوێکی وەها بن، گەنجەکە لە پێش کامێراکانیانەوە بەنزینی بەسەر خۆیدا کردو خۆی سوتاند بێ ئەوەی ژۆرنالیستەکان دەستی بگرن یان ڕێگری لەو کارە بکەن. هەڵبەتە نیگای کامێراکان فەزایەکیشیان بۆ گەنجەکە خەلقکردبوو، گەنجەکە وەک ئەوەی ناونشین بووبێت لەگەڵ نیگا و پێدراو و داواکاری پیشەی ژۆرنالیستی واندا، وەک بینیمان بە جۆرێک خۆی سوتاند، وەک ئەوەی ئەرکێکی میدیایی لەسەر شانی بێت و بیەوێت هەر ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، تا دواجار ژیانی خۆی لەسەر دانا!

هەروەها لە بارەی یەکتربڕی ژۆرنالیزم و فەزاری مەجازەوە، کەوا چۆن دونیای سیاسی و دۆخی مەنگی وەک خۆی هێشتوتەوە نوسەر دەنووسێت: فەزا ژۆرنالیستییەکەی ئینەرنێت، جگە لەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و

---

[1]- بەختیار عەلی، ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس،ل153-154

[2]- بە دەسکارییەوە وەگیراوە لە: ألان دونو، مرجع سابق،ص 51

[3] - بەختیار عەلی، ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس،ل 149،152.

تەلەفزیۆنیشی قوتداوە، هاوکات هەموو نوقسانی و تورەیی و نەگبەتییەکانی کوردیشی بۆ خۆی لوشداوە و هەمووی گۆڕیوەتەسەر گەرمکردنی فەزاکە بۆخۆی. ژۆرنالیزم، کە خۆی ناوەڕۆکێکی مەیلە و پشێوی تیایە، ئەم پشێوییە لۆکاڵییە بۆخۆی دەقۆزێتەوە و کایەکانی تر بە ڕێژەیەکی زۆر دەخاتە پەراوێزەوە. ئەم فۆرمالیزمە ژۆرنالیستییەی ئینتەرنێت، چالاکییە سیاسییەکانی خستە پەراوێزەو و دەسەڵاتی کورد بردەوە ناو واقیع. خەڵک لە نێو ئینتەرنێتدا بە دیار فۆرمالیزمە ژۆرنالیستییەکەی خۆیانەوە ڕۆژ ئەکەنەوە و دەسەڵاتیش لە واقیعدا بە سامانی مادی و مەعنەوی خەڵکەوە دەکات[1].

واتە سەرەڕای ئەوەی میدیا و فەزای مەجاز هەموو تورەییەکانی لە واقیعدا هەڵمژیوە و فۆرمالیست و مەجازی کردۆتەوە، لە هەمان کاتدا ئەم فەزا مەجازە دەسەڵاتە ناداد و فاسدەکەشی زیاتر لە واقیعدا واقیعیتر کردۆتەوە، تێزە ژێژەکیەکە لێرەدا تەنها دەسەڵاتی گرتۆتەوە! ژیژەک پێیوایە: مەجازیش هەمیشە واقیعی بووە. لەو لاشەوە خەڵک و ژۆرنالیستەکانی فەزای مەجاز لە پەراویزدا شەڕێکیان بۆماوەتەوە، لە شەڕە سیاسی ـــ واقیعییەکەی سەرشەقام و کۆڵانەکانی نێو شار دووری خستوونەتەوە. هەروەها نوسەر لە شوێنێکی تردا قەرز لە (ژاک دریدا) ئەکات و باسی ئامادەیی و حزوری دوالیستانەی ژۆرنالیزم ئەکات، کە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە لەسەری ڕاهاتووە و زیاتر حزورێکی میتافیزیکیانە، ئەو دەنووسێت: ....... میتافیزیک، ئەو حزورەی، کە دونیا بۆ دوو بەش دابەش دەکات، دەبێت بنوێنرێتەوە و جارێک نەنوێنرێتەوە، واتە شتانێک هەن دەبێت لەلایەن ژۆرنالیزمەوە بنوێنرنەوە. دوالیزمی نواندنەوە و نەنواندنەوە بەو فۆرمەی لە ژۆرنالیزمی ئەمرۆدا هەیە، جێی ڕەخنەی فەلسەفەی ژاک دریدایە[2].

هەڵبەتە ئەم ژێستە زیاتر بە زەقی لە تەلەفزیۆندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە دەشێت لە یەک ئێوارەدا هەم بەرنامەیەکی ئاینی ـــ شرۆڤەیەکی دینی پێشکەش بکات و لە هەمان کاتیشدا سەعاتی دواتر لە بەرنانەیەکی تردا باسی تیۆری ڕێژەیی (ئەنشتاین) و تیۆرەکانی (ستیڤن هاوکینگ) بکات دەربارەی ئەسڵ و زانستی درووستبوونی گەردوون. ئەم دوالیزمە ڕیاکارەی میدیا و ژۆرنالیزم هەم موراعاتی ئەویتری گەورەیە، هەم هیشتنەوەی دۆخی باوی نەست و نائاگای نێو تاکە لە کۆمەڵگەدا. بۆ نموونە تاکیش لە واقیعدا دەستی بە دین و کەلتوری خۆیەوە گرتووە و لە کوێشدا پێویستی بە زانست بێت، ئەوا ڕیاکارانە لەپێناوی عەقیدە و ئایندا دەست بۆ ئارگۆمینتەکانی زانست دەبات و لە ژویسانسی زانست دەدزێت و پێیوایە هەڤدژی و ئەنتاگۆنیزمێک لەنێوان عەقیدە ئاینی و زانستییەکاندا بوونی نیە و ئارگۆمێنتە زانستییەکانیش تا ئەو سنوور و شوێنە ڕاستن،

---

[1]-وەلید عومەر، سەرچاوەی پێشوو،ل 124
[2]- هەمان سەرچاوە،ل 144

که ناوەڕۆکە میتافیزییەکان پووچەڵ نەکەنەوە[1]. بۆیە ژۆرنالیزم لە ڕاستیدا کۆپی ئەویتری گەورەیە لەنێو نائاگایی تاکدا بۆ ڕاگرتنی دۆخی مەنگ و چەقبەستووی نێو سیستمەکان. ڕەنگە هەر ئەمەش وایکردبێت، کە تا ئێستا زانست لای ئێمە خاوەنی سەکۆیەکی کۆنکرێتی خۆی نەبێت و لە پەراوێزی ئاین و کەلتوردا بێت بە گشتی.

هەڵبەتە ئەم نامیلکەیە قسەی زۆرتر هەڵدەگرێت، دەشێت ئێمە کۆمەڵێک سیاقمان لا گرنگ بووبێت، کە ڕەنگە سیاقی زۆر گرنگتری تێدا بێت و تێبینییمان نەکردبێت، کە بشێت هەڵکۆڵین و خوێندنەوەی وردتر و ئاڵۆزتر هەڵبگرێت.

سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1. بەختیار عەلی، ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس،چاپخانەی ئەندێشە، سلێمامی ، 2014،
2. هیربێرت مارکۆزە، مرۆڤی تاکڕەهەند،و: ناجی ئەفراسیاو، کازان عەزیز،سلێمانی، 2020
3. ئیرەیی دین بۆ زانست ،لە نوسینی وەلید عومەر، نێگەتیف.
4. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕیتانا سالیکی، و:هاوار محمەد، نۆماد.
5. بەختیار عەلی، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012.
6. ألان دونو، نظام التفاهة، دار سؤال للنشر، بيروت،2020،ط1.
7. نامیلکەی ئەلکترۆنی: هاوار محەمەد: بۆ ئەوەی نەبین بە فاشیست،2019.

[1]- لەسەر پرسی زانست و ئاین بابەتێک هەیە بە نێوی : ئیرەیی دین بۆ زانست ،لە نوسینی وەلید عومەر، خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نێگەتیف.